## مشاهیرالکرد و کردستان

ئەوەی لە رابردوودا پێی دەگوترا "اعلام" یا "رجال" یا "علم الرجال" و ئێستا بە "مێژووی ناوداران" دەناسرێت، بۆ شارەزایی لە کورتەی ژیانی کەسایەتی مێژوویی گەلان بە سوودە و دەیان چەشن و شێواز بۆ نووسینی هەیە. ئەم بابەتە لە رابردوودا بۆ کورد نەبوە و واهەیە بتوانین بڵێین لە نەمر ئەمین زەکی بەگەوە دەستی پێکرد کە کتێبی بەنرخی "مشاهیرالکرد و کردستان" ی بە عەرەبی نووسی و بەرگی یەکەمی لە ساڵی ١٩٤٥ و بەرگی دووهەمی لە ساڵی ١٩٤٧ دا بڵاو کردەوە.

لە کتێبەکەدا زانیاریی راستەوخۆ لەمەڕ بۆکان کەم دەکەوێتە بەرچاو، بەڵام سەبارەت بە هەندێ کەسایەتی مێژوویی، سیاسی، زانستی و هونەری موکریان زانیاری دواوە، کە ئاشکرایە بۆکانیش دەگرنەوە، واتە نابێ چاوەڕوان بین کەسانێک کە لە ناوچەکەدا دەوری مێژووییان بینیوە، حەتمەن ناوی بۆکانیان بەسەرەوە بێت. لەگەڵ ئەوەشدا کە ئەم سەرچاوەیە کەمتر باسی بۆکانی تێدایە، بەڵام گەرانی من بەناو لاپەڕەکانیدا لای کەم ئەو سوودەی دەبێت کە نووسەرانی دوارۆژی مێژووی بۆکان پێویست نە کات سەرلەنوێ بەو هەموو لاپەڕەیەدا بچنە وە و بتوانن بە ئیعتباری راگەیاندنەکەی من، راستەوخۆ بچنە سۆراغی لاپەڕەی دیاریکراو.

کتێبەکە لە دوو بەرگ پێک هاتوە و ناوەکان بە گوێرەی پیتی ئەلف وبێ، بەدوای یەکدا هاتوون. بەرگی یەکەم پیتی ئەلف تا ظ و بەرگی دووهەم، پیتی ع تا یاء دەگرێتە بەر.

لە بەرگی یەکەمدا ناوی گەلێک لە ئەمیرانی موکری وەک ئەمیرەبەگ، ئەمیرە پاشا، بوداق خان، بوداق سوڵتان، دوو شێخ حەیدەر، ئەمیر سلێمان، ئەمیر سەیفەددین، شێر بەگ و صارم بەگی موکری هاتوە و ژین نامەیەکی کورتی چەند دێریی بۆ هەرکامیان نووسراوە.

لە بەرگی دووهەمدا ناوی ئەم کەسایەتیانە هاتوە کە هەندێکیان خەڵکی بۆکان یا دەوروبەری بۆکانن. من ناوەکان بە گوێرەی ژمارەی پێدراوی ئەمین زەکی و بە دیاری کردنی پیت رادەگەیێنم :

٧٢ ع، عبداللە بەگ میسباح الدیوانی ئەدەب

٨١ ع، مەلا عەبدوڵڵا پیرەباب

١٥٩ ع، [عەللامە] مەلا عەلی قزڵجی

١٣ ق، قوبادبەگی موکری

٢٠ م، محەمەد حوسین خانی سەردار

٣٩ م، مەلا محەمەد الکلولانی

١٤٠ م، مەنسووربەگی موکری

سەبارەت بە مەلا محەمەد الکلولانی دەبێ بڵێم واهەیە گڵۆڵانی بێت، کە گڵۆڵانیش گوندێکی سەربە گەورکایەتییە و ئێستا بەشێکە لە سەقز.

نووسەر لە باسی محەمەد حوسین خانی سەردار دا دوو فەرد شیعری "سالار سەعید"ی هێناوە کە ئاشکرایە "عەلی بەگی حەیدەری" بێت و من ئەو دوو فەردە لە بەشی سەبارەت بە عەلی بەگ (زنجیرەی ژمارە ١١٨) زیاد دەکەم.

محەمەد ئەمین زکی، "مشاهیر الکرد و کردستان فی الدورالاسلامی"؛

الجزءالاول، مطبعة التفیض الاهلیه، بغداد ١٩٤٥؛

الجزء الثانی، راجعه و نقحه و اضاف الیه الاستاذ محمد علی عونی، مطبعة السعاده بجواز محافظة مصر، ١٩٤٧ ؛ (عەرەبی) ؛ بەرگی یەکەم ٢٨٩ و بەرگی دووهەم ٢٦٨ لاپەڕە.